ڤۆلفانگ بێرگمان

دەروونناسیی

منداڵ و هەرزەکار

دەروازەیەک بۆ پەروەردەیەکی هاوچەرخ

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە
کامەران چروستانی



32870

٢٠١٥

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: دەروونناسیی منداڵ و هەرزەکار
نووسینی: ڤۆلفگانگ بێرگمان
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کامەران چروستانی
هەڵەچنی و پێداچوونەوە: نوخشە چروستانی
دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی سەردەم
تیراژ: (١٥٠٠) دانە
ساڵی چاپ: (٢٠١٥)
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
نرخ: (٦٠٠٠) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٢٦٩) ی ساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی ئەم بەرهەمە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکیی نووسەر

بەر لە دەسالّ وێستم ئەم پەرتووکە بە ناونیشانی (تۆ پێویستە ڕێزی دایک و باوکت بگریت) بڵاوبکەمەوە، بەڵام هیچی لێ بەرهەم نەهات! هیچ لایەنێکی پەخش و بڵاوکردنەوە ئامادە نەبوو خۆی لە قەرەی بابەتی "دەسەڵات لە پەروەردەکردنی منداڵدا" بدات و بەلایەنی کەمەوە ئەوەندەی کە شایەنی بامن بێت.

کاتەکان گۆڕان و ئەم بابەتەش لەسەر زاری هەموو کەسێکە. هەموو کەسێک لەم بارەیەوە دەدوێت و لە هەموو شوێنێکیش داوا لە دایک و باوک دەکرێت، کە سنووردار بۆ منداڵان دابنێن بەڵام لەبەر نەبوونی ڕاوێژکارییەک، بە شێوەیەکی گشتی هیچ شتێکی وا لە بارودۆخەکە نەگۆڕاوە.

هۆکارەکەش زۆر ئاسانە: هەرکەسێک ئەمرۆ پشتگیریی دەسەڵات و پێگەی پەروەردەیی بکات، ئەوا زۆربەی لایەنە باشەکانی سالّانی پەنجاکانی سەدەی پێشووی لە مێشکدایە بەڵام بەم شێوەیەش کێشەی پەروەردەییەکان چارەسەر نابێت. تێڕوانینێکی نەرم و دانبەخۆداگر هەرگیز لە ژیانی واقیعیدا هیچ بەرهەمێکی بەدەستەوە نەداوە، ئەی باشە چۆن؟ جیهانەکەمان لەم دە سالّانەی پێشوودا گۆڕانکارییەکی بنچینەیی بە خۆیەوە بینیوە و پێش هەموشیان قۆناغی منداڵێتی. لەگەڵ لایەنە چاکەکانی "ئەو سەردەمەدا" ناتوانین کار لەگەڵ منداڵانی هاوچەرخدا بکەین. ئێوە ئاسەواری ئەوە دەبینن، کە پاشەڕۆژی خوێندن و پسپۆڕییان لەلایەن میدیا و تەکنەلۆجیای نوێی جیهانییەوە دەستی بەسەردا گیراوە، بە بەها کۆنەکان و دەستەواژە مۆرالّییەکان بەڕێ ناکرێت.

ئەم پەرتووکەش پشتگیریی پێگە و دەسەڵات و "تونـدی" و "پەیڕەویی" دەکات بەڵام دەبێت بەشێوەیەک بێت، کە بتوانێت ئەمرۆ چالاکانە و پڕ سۆز و

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

خۆشەویستیمانە بەردەوامی بە ژیان بدات، هەروەها؛ پێگە و دەسەڵاتی پەروەردەیی بەتەنیا یارمەتیی نادات. منداڵانی سەردەم، هەزاران هواریان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی خۆیان لە هەوڵەکانی پەروەردەی دایکوباوک بدزنەوە. ئێمە پێویستە منداڵان وەک "کەسێک" و وەک کەسایەتییەکی "فاکتەرێکی سەرەکی" تەماشا بکەین. ئەو کەسەی کە لە ماڵەوە بەئوندی دەکێشێت بەسەر مێزەکەدا، ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە زۆر بەکەمی سەرنجی منداڵەکانی ڕادەکێشێت و بێگومان هیچ کاریگەرییەکیشی نابێت.

کەواتە "دەسەڵاتێکی باش" چییە؟ سەبارەت بەم پرسیارە دەمەوێت لە ڕێگەی چەند وەڵامێکی واقیعییانە بدەمەوە.

هانۆفەر/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠١

فۆلکەنگ بێرگمان

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library